# خوای گەورە کینانەی هەڵبژارد لە نەوەکانی ئیسماعیل، وقوڕەیشی هەڵبژارد لە کینانە، وبەنی هاشمی هەڵبژارد لە قوڕەیش، ومنی هەڵبژارد بە نێو بەنی هاشمدا، من سەید وگەورەی نەوەکانی ئادەمم بە بێ شانازیەوە، ویەکەم کەسم زەویم لەسەر لەت دەکرێت، ویەکەم کەسم شەفاعەت دەکەم ویەکەم کەسم شەفاعەتەکەم قبوڵ بکرێت

لە واسیلەی کچی ئەسقەعەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە کینانەی هەڵبژارد لە نەوەکانی ئیسماعیل، وقوڕەیشی هەڵبژارد لە کینانە، وبەنی هاشمی هەڵبژارد لە قوڕەیش، ومنی هەڵبژارد بە نێو بەنی هاشمدا، من سەید وگەورەی نەوەکانی ئادەمم بە بێ شانازیەوە، ویەکەم کەسم زەویم لەسەر لەت دەکرێت (واتە: یەکەم کەسە لە گۆڕ دەردەچێت لە ڕۆژی قیامەتدا)، ویەکەم کەسم شەفاعەت دەکەم ویەکەم کەسم شەفاعەتەکەم قبوڵ بکرێت».

[صەحیحە] [ئیبنو حیبان گێڕاویەتیەوە]

خوای گەورە کینانەی هەڵبژارد وفەزڵی ئەوی دا بەسەر نەوەکانی تری ئیسماعیل لە عەرەبدا، وقوڕەیشی هەڵبژارد وفەزڵی ئەوی دا بەسەر تیرەکانی تری کینانە، وبەنی هاشمی هەڵبژارد وفەزڵی ئەوانی دا بەسەر تیرەکانی تری قوڕەیش، وموحەمەدی هەڵبژارد -صلى الله عليه وسلم- وفەزڵی ئەوی دا بەسەر نەوەکانی بەنی هاشمدا، ئەو پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم- سەید وگەورەی نەوەکانی ئادەمە وخاوەنی زۆرترین فەزڵە لەگەڵ ئەمەشدا شانازی بەمەوە ناکات، بەڵام هەقیقەتێکە خوای گەورە لە وەحیدا پێی ڕاگەیاندووە، وهەروەها پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- یەکەم کەسە زەوی لەسەر لەت دەکرێت ولە گۆڕ دەردەچێت لە ڕۆژی قیامەتدا، ویەکەم کەسە شەفاعەت دەکات ویەکەم کەسە شەفاعەتەکەی قبوڵ بکرێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10859